تارا محەمەد:

زۆربەی تابلۆکانم تایبەتن بە ئێش و ئازار و مەینەتییەکانی ژنان

تارا محەمەد، خانمە شێوەکاری خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان، ماوەی چەند ساڵێکە لە باشووری کوردستان و لە شاری سلێمانی نیشتەجێیە، سەرەتا بە کاری شێوەکاری ناوبانگی دەرکرد و دەیان تابلۆی فرۆشران، ئێستا جگە لە کاری شێوەکاری سەرقاڵی هونەری تاتۆکردنە. تارا تەمەنی ٣٢ ساڵە و لە مهاباد لەدایك بووە. بکالۆریۆسی لە گرافیك و دیزاین هەیە و تا ئێستا سێ پێشانگای بۆ تابلۆکانی کردووەتەوە. لەبارەی کار و پرۆژەکانیشی بەم شێوەیە را و بۆچوونەکانی دەخاتەڕوو .

سەرەتا لە بارەی چۆنیەتی هاتنی بۆ نێو بواری هونەری شێوەکاری، تارا ئاماژە بەوە دەکات کە لە تەمەنێکی زووەوا سەرقاڵی تابلۆکێشان بووە و دەڵێ: من زیاتر لە ١٢ ساڵە خەریکی دروستکردنی تابلۆم و هەر لە منداڵییەوە حەزم لە شێوەکاری بووە، بۆیە کە گەورە بووم خوێندنیشم هەر لەو بوارە بووە، تاکو توانیم بەکالۆریۆسم لە گرافیک و دیزاین بەدەست بهێنم. ئێستاش بەردەوام خەریکی کاری شێوەکاریم. تاوەکو ئێستا سێ پێشانگام کردووتەوە کە دوویان لە ئێران بوون، بە سەدان تابلۆم کێشاوە.

سەبارەت بە گرنگترین بابەتەکانی نێو تابلۆکانیشی دەڵێت: زۆربەی تابلۆکانم تایبەتن بە ئێش و ئازار و مەینەتییەکانی ژنان.

تارا پێیوایە هونەرمەندی شێوەکاری پێویستی بەوەیە لە رووی ئەکادیمییەوە زیاتر بخوێنێ، نەک پشت بە بەهرە و حەز ببەستێت و لەو بوارەوە دەڵێت: من پێموایە دەبێت بە ئەکادیمی دەست بەکاری هونەری بکرێت، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ کەس توانای هونەرییان تێدایە، بەڵام هەردووکی هەبێت باشترە.

لە وەڵامی ئەو پرسیارەشدا کە ئایا هیچ جیاوازییەک لە نێوان کاری شێوەکاری لە پارچەکانی کوردستان بەتایبەتی رۆژهەڵات و باشووری کوردستان هەیە. دەڵێت: من زیاتر لە پێنج ساڵە لە باشووری کوردستان دەژیم، لەبەر ئەوەی لە باشوور هیچ سانسۆرێک نییە، دەستمان ئاوەڵاترە بۆ کارکردن، دەتوانین کار لە سیاسەت و لە تابلۆی نیمچەڕووتدا بکەین، بەڵام لە رۆژهەڵاتی کوردستان ناتوانی ئەو تابلۆیانەی تۆ دەتەوێت بەو شێوەیە بکێشی و نمایشی بکەیت کە تۆ دەتەوێ. هەرچەندە جارجار لە باشووری کوردستانیش ئەم کێشانە دروست دەبن، بەڵام ئەوەی کەلار، چونکە کچە شێوەکارەکە خۆی حیجابی هەبوو، پێیان سەیر بووە وێنەی نیمچەڕووت نمایش دەکات، من پێوایە دەبێت هەموو کات هونەرمەندان ئازاد بن لەکاری خۆیان، من هەرچییەکم بوێت دروستی دەکەم، نابێت هیچ کەسێک تەداخولی ئیشی ئێمە بکات و بڵێت دەبێت ئەو وێنەیە بکێشی و ئەوە نەکێشی.

هەر کەسێک سەیری تابلۆکانی تارا بکات تێبینی ئەوە دەکات کە بەشێک لە تابلۆکانی نیمچە رووتن و ئەمەش زۆر جار رەنگە شێوەکار تووشی گرفت بکات، بەتایبەتی ئەگەر ئافرەت بێت، لەم بارەوە تارا دەڵێت: من لە ئێران چەند تابلۆیەکی سەماکارم بە نیمچەڕووتی دروستکرد، مامۆستاکانم لێم تووڕە بوون و گوتیان نابێت ئەم تابلۆیانە نمایش بکەی، تا هاتمە باشووری کوردستان لە سلێمانی دەستم بە دروستکردنی تابلۆی نیمچەڕووت کرد، لە سلێمانی زۆر خواست لەسەر تابلۆی لەم شێوەیە هەیە، بۆیە دەستم بەو کارانە کردەوە.

بەشێک لە تابلۆکانی تارا بە نرخی جیاواز دەفرۆشرێن، سەبارەت بە نرخی تابلۆکانی و ئەو کەسانەی دەیکڕن، تارا دەڵێ: تابلۆیەکانی من بەگشتی لە ٢٠٠ دۆلارەوە فرۆشراوە تاوەکو گەیشتووەتە ٢٠٠٠ دۆلار، بەپێی قەبارە و جۆری ئیشەکە نرخەکە دیاری دەکرێت. کرپیارەکانیشم زیاتر کوردن، خەڵکی هەولێر و سلێمانی زۆر تابلۆی منیان کڕیوە.

تارا جگە لە کاری شێوەکاری، کاری تاتۆش ئەنجام دەدات، لەم بارەوە دەڵێت: نزیکەی چوار ساڵ دەبێت تاتۆ دەکەم. سەرەتا چەند هاوڕێیەکم لە تاران هەبوون کە تاتۆیان دەکرد، گوتیان بۆ نایەی خۆت فێری تاتۆ بکەی، چونکە ئەو کەسەی تاتۆ دەکات، دەبێت شێوەکارێکی باش بێت، گوتیان تۆش دەستی وێنەکێشانت باشە بۆ تۆ زۆر ئاسانە، سەرەتا رازی نەبووم، چونکە گوتم حەز بە خوێن و بەنج و کاری دەرزی لێدان ناکەم، دواتر بەشداریم لە خولێکی سێ مانگی فێربوونی تاتۆ لە تاران کرد، سەرەتاش لە خزم و کەسەکانی خۆمەوە دەستم بە تاتۆ کرد.

سەبارەت بەوەی زیاتر گرنگی بە تاتۆ دەدات نەک بە شێوەکاری، تارا محەمەد ئەمە رەت دەکاتەوە و راشکاوانە دەڵێ: هەردووکیان دەکەم، من پێشتر گرافیست بووم، کە لە سەر کار دەهاتمەوە تاتۆم دەکرد، پاشان تاوەکو بەیانی تابلۆم دروست دەکرد، ئێستاش هەموویان دەکەم، چونکە ئێستا داواکاری دروستکردنی تابلۆم گەلێک زۆرە.

سەبارەت بە دواییین کارە هونەرییەکانیشی دەڵێ: ئێستا ئامادەکاری دەکەم بۆ ئەوەی گەلەرییەکی تایبەت بەخۆم لەسلێمانی بکەمەوە کە لە دوو بەش پێکدێت، بەشێک تابلۆکانی بۆ فرۆشتن تێدا نمایش دەکەم، بەشەکەی دیکەش بۆ کاری تاتۆکردن تەرخان دەکەم.

تارا تیشک دەخاتە سەر جۆری ئەو تاتۆیانەی کە خەڵک زیاتر حەزیان لێدەکات و دەڵێت: ئێستا خەڵک زیاتر حەزیان لە دروستکردنی تاتۆی ئاڵای کوردستانە، دواتر تاتۆی گوڵ لەسەر جەستە، خواستی زۆر لەسەرە، پاشان تاتۆی برۆ زیاتر داوا دەکرێت، خەڵک شتی کەلتووری و هونەری داوا ناکەن.

هەژان:
دەمەوێ کارێکی نوێ و جیاواز پێشکەش بکەم

هەژان هێرش یەکێکە لە خانمە ئەکتەرە سەرکەوتووەکانی بواری دراماى کوردیی، رۆڵی سەرەکی لە چەندین دراما‌دا بینیوە، دەرچووی بەشی راگەیاندنە لە زانکۆی سلێمانی کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان و بۆ ماوەیەك پێشکەشکار بووە.

لە لێدوانێکیدا دەربارەی دەرنەکەوتنی لە ماوەی رابردوودا دەڵێ: کاری زۆر هەبووە کە بتوانم بەشداری تێدا بکەم وەك ئەکتەر، یان پێشکەشی بکەم لە بواری میدیا، بەڵام من نامەوێ کارێك پێشکەش بکەم، دووبارە بێت، یان کۆپی ئەو کارانە بێت کە ئێستا هەن کە هونەرمەندێك ئامادە بێت و چەند پرسارێکی رۆتینی و دووبارەی ئاراستە بکەن، نامەوێ بەرنامەیەك پێشکەش بکەم بینەر هەست بە جیاوازی نەکات، یان پێی ئاشنا بێت، دەمەوێ کارێك پێشکەش بکەم کە بە تەواوی نوێ بێت و لەم رووەوە بەرنامەیەك هەیە، بەڵام هێشتا زووە باسی بکەم و دەمەوێ ببێتە سوپرایزێك بۆ جەماوەر.

هەژان لە بارەی کاری هونەری و چۆنیەتی پێشکەوتنی دەڵێ: کاری هونەریی باش پێویستی بە ئەکتەر و بودجە وسیناریۆی باش هەیە، ئەکتەری باشمان هەیە، بودجەی ئێستا لەوانەیە بەو شێوەیە نەبێت کە ئێمەی هونەرمەندا پێویستمان پێی هەیە، لە بارەی سیناریۆیش دەتوانین شارەزاییەکی زیاتر لەو بوارەوە پەیدا بکەین لە رێگای سوود وەرگرتن لە ئەزموونی وڵاتان بەتایبەتی ئەوانەی لە بواری هونەرد پێشکەوتوون.

کامیرۆن واز لە نواندن دەهێنێت

سەرچاوەیەکی نزیک لە خانمە ئەکتەری ناسراوی هۆلیوود کامیرۆن دیاز رایگەیاند کە ئەم خانمە ئەکتەرە بڕیاریداوە واز لە کاری نواندن بهێنێت و لە ماوەی داهاتوودا بەشداری لە هیچ فیلمێکی سینەماییدا ناکات و هۆکاری ئەم بڕیارەشی بە تایبەت و کەسی دانا.

بەپێی ماڵپەڕی (Et) کە هەواڵەکەی لەو سەرچاوەیە وەرگرتووە کامیرۆنی تەمەن ٤٢ ساڵ هەوڵ دەدات چێژ لە ژیانی تایبەتی خۆی وەربگرێت و زۆرترین کات لەگەڵ بینجی مادنتی هاوسەری بەسەر بەرێت کە لە ساڵی ٢٠١٥ەوە ژیانی هاوسەریان پێکهێناوە و ئێستا زۆر دڵخۆشە بە ژیانی خۆی، هەروەها هەست دەکات لەرووی هونەرییەوە تێر بووە و نایەوەی کاتی زیاتر لەنێو ستۆدیۆکان بەسەر بەرێت.

کامیرۆن رۆژی ٣٠ی ئابی ساڵی ١٩٧٢ لە سان دییگۆ لە کالیفۆرنیا لە دایکبووە و بە ڕەچەڵەک کوبییە لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا کۆچیان کردووە بۆ ئەمریکا، بەشداری لە چەندین فیلمدا کردووە گرنگترینیان زنجیرەی (ملائکە شارلی) کە سەرکەوتنێکی بەرچاویان بەدەستهینا. ودواییش کاری سینەمایی کامیرۆن فیلمی (Annie) بوو کە لە ساڵی ٢٠١٤ بەرهەمهاتووە و لەو کاتەوە بەشداری هیچ کارێکی نوێی نەکردووە و هەموو ئەو سیناریۆیانەی ڕەتکردۆتەوە کە پێشکەشی کراون.

بیۆنسی بەرگری لە ناوی کچی خۆی دەکات

کۆمپانیای تایبەت بە کەلوپەلی جوانکاری بە ناوی (بلو ئیڤی)بۆتە هۆی تووڕە بوون و بێزاری خانمە گۆرانیبێژی ئەمریکی بیۆنسی نویلز، چونکە ناوی کچەکەشی (بلۆ ئیڤی)یە، بۆیە لە دادگا سکاڵایەکی دژی کۆمپانیاکە بەرز کردەوە و بە ئیستغلال کردنی ناوی کچەکەی تۆمەتباری دەکات وەک مارکەیەکی بازرگانی.

بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیەش ڤیرۆنیکا مۆرالیسی خاوەنی کۆمپانیاکە ئێستا هەوڵدەدات ئەم کێشەیە لەگەڵ بیۆنسی یەکلا بکاتەوە، لەم بارەوە تیمی بەرگری لە بیۆنسی ڕایگەیاند کە خاوەنی کۆمپانیاکە داوای لە ئەستێرە ئەمریکییەکە کردووە کە کۆمپانیاکە بکڕێتەوە بە بڕی (١٠) ملیۆن دۆلار، بەڵام بیۆنسی بەم پێشنیارە ڕازی نەبووە و داوای کردووە کە پێویستە ئەوکۆمپانیایەی بە ناوی (بلۆ ئیڤی) دابخات ئینجا ئامادەیە واز لە سکاڵاکەی بهێنێت.

لە بەرامبەردا تیمی یاسایی ڤیرۆنیکا داوای لە تیمی بەرگری بیۆنیسی کردووە کە وا باشترە بیۆنسی هەماهەنگی و هاوکاریی بکەن بۆ بە هەردوو لا لە ڕووی بازرگانییەوە قازانج بکەن، نەک دژی یەکتر بوەستنەوە، بەڵام بیۆنسی ئەوەشی ڕەت کردۆتەوە.

ئەڤین بەرازی:

سینەمای کوردی عاشقانی سینەما دروستیان کردووە

ئەڤین بەرازی کچێکی عاشقی سینەمایە لە شاری کۆبانێی رۆژئاوای کوردستان، بۆیە بواری هونەر و دەرهێنانی هەڵبژاردووە، سەرەتا لە لوبنان دەستی بە خوێندن کرد لە زانکۆی بەیروت و تێیدا بەرزترین پلەکانی بەدەستهێنا، ساڵی ٢٠٠٦ لە کەناڵێکی ئاسمانی کاری کرد، بەڵام دوای جەنگی تەموز ناچار بوو بگەڕێتەوە سووریا و لە سووریا وەک دەرهێنەر و یاریدەدەری دەرهێنەر دەستی بە کار کردووە. سەبارەت بە کار و ئامانجەکانیشی چەند پرسیارێکمان ئاراستە کرد کە بەم شێوەیە وەڵامی داینەوە.

*** چی وایکرد روو لە دەرهێنان بکەی؟**

- لەوانەیە قەدەر رۆڵێکی سەرەکیی هەبێت لەوەی روو لە دەرهێنان بکەم، مەبەستم ئەوە قەدەرییە کە بە دەیان ساڵە زوڵمی لە ئێمەی کورد کردووە، لە بیرمە کە لە سووریا کاسێت هەبوو، خانەوادەکەم گرنگییەکی زۆریان بەوە دەدا کە لە ڤیدیۆ سەیری فیلمە کوردییەکان بکەین، زۆر فیلمی دەرهێنەری گەورەی کور یەڵماز گونای هەبووکە حەز دەکەم بە (گەورەی سینەماکاران) ناوی بەرم، من لەگەڵ فیلمەکانی دەڕیام و دەمپرسی بۆچی فیلمی کوردیمان کەمە؟ ئەمە بووە پاڵنەرێک و هیوا بەخشێکی گەورە بۆ ئەوەی بێمە نێو بواری نواندن وتەواو کردنی کاروانی یەڵماز گونای.

*** زیاتر لە سووریا و وڵاتە عەرەبییەکان کارت کردووە، ئایا زانیاریت دەربارەی سینەمای کوردی هەیە؟**

- سینەمای کوردی پێویستی بە پاڵپشتیی زیاتر هەیە، بەداخەوە نابینین یارمەتی دەرهێنەرانی کورد بدرێت بۆ ئەوەی کارەکانیان پێشکەش بکەین، بۆیە سینەمای کوردی نەیتوانیوە هەنگاوی گەورە بهاوێت و زۆربەی ئەو فیلمانەی بەرهەمهێنراون لە ئەنجامی ئەرکی تاکە کەسی دەرهێنەران بووە.

*** کەواتە دەتوانین بڵێین سینەمای کوردیمان هەیە؟**

- بە رای من سینەمای کوردی عاشقانی سینەما و دەرهێنەران خوڵقاندوویانە، ئەویش بە بەدەستهێنانی خەڵاتی جیهانی لە رێگای فیلمەکانیانەوە کە بەهایەکی زۆریان هەبووە، بەڵام سەرەڕای ئەمەش پێویستمان بە سە ندیکایەکە کە دەرهێنەرە کوردەکان لە خۆ بگرێت و پاڵپشتی مادەی و لۆجستییان پێشکەش بکات، لەلایەکی دیکەوە لایەنی بەرپرسیش ئەرکی ئەوەیان دەکەوێتە سەر شان کە پاڵپشتی سینەما بکەن جا لە باشوور یان رۆژئاوای کوردستان.

*** لەم بارودۆخەی ئێستادا بینەری کورد پێویستی بە چی هەیە؟**

- پێمایە پێویستی بە شۆڕشێکە بۆ هەستانەوە بە سینەمای کوردی و چارەسەر کردنی زۆر لەو گرفتانەی کە ئاستەنگن لەبەردەم سینەمای کوردی لە رێگای دامەزراندنی پەیمانگای سینەمایی، گۆڤاری سینەمایی، دامەزراندنی هۆڵی سینەمایی و کۆمپانیا و کەناڵی سینەمایی تایبەت بە دابەشکردنی فیلمە سینەماییەکان کە هانی بینەری کوردی بدات بۆ سەیرکردنی فیلمە سینەماییەکان.

*** بۆچی بینەری کورد وەک خویەک سەیری فیلم و زنجیرە بیانییەکان بەتایبەتی تورکییەکان دەکات؟**

- بە رای من هۆکارەکەی لە کەمیی ژمارەی فیلمە کوردییەکانە کە بەشێکی زۆریان پشت بە کۆششی تاکەکەسی دەبەستن، هەروەها نەبوونی پیشەسازیی سینەمای کوردی دەبێتە هۆی خوڵقاندنی زمانێکی سینەمایی هاوبەش.

*** هەموو سینەماکارێک پەیامێکی تایبەتی خۆی هەیە، پەیامی تۆ چییە؟**

- هیوادارم دەنگی کورد بگەیەنمە ئاستی جیهانی، چونکە میژووی کورد پڕە لە پاڵەوانیەتی کە بە زێڕ لە میژووی کورددا نووسراونەتەوە، من ئەمە بە ئەرکی سەرشانی هەر کوردێکی دەزانم بەتایبەتی هونەرمەندو دەرهێنەرەکان.

*** میژووی کورد پڕە لە کارەسات کە دەکرێ بێتە ماددەیەکی باش بۆ سینەما، ئایا توانیومانە سوود لەو میژووە وەربگرین لە سینەمادا؟**

- زۆربەی فیلمە کوردییەکان کە خەڵاتی جیهانییان بەدەستهێناوە پەیوەندییان بە واقعی کوردەوە هەیە لەرووی چیرۆک و رووداوەکان، زۆر لەو فیلمانە توانیویانە تیشک بخەنە سەر بەشێک لە ئازارەکانی کورد، بەڵام من پێمایە کە واقعی کورد زۆر لەوە تاڵترە کە لە فیلمێکدا بەرجەستە بکرێت.

*** ئەو بابەتانە چین کە حەز دەکەی لە فیلمەکانتدا تیشکیان بخەیتە سەر؟**

- هەمیشە هەوڵ دەدەم تیشک بخەمە سەر لایەنی مرۆیی، هەموو کوردێک چیرۆکێکی هەیە کە دەکرێ لە فیلمدا گوزارشتی لێ بکرێت، چونکە بە شێوەیەکی سەرەکی مرۆڤ ئامانجی من.

*** ئایا کاریگەریی سینەمای عەرەبی ئێرانی ئەرێنی یان نەرێنییە لەسەر سینەمای کوردی؟**

- زۆر لە دەرهێنەرە کوردەکان لە ئێران توانیویانە کە خەڵاتی جیهانیی بەدەستهێناوە، بوونی سینەمای کوردی لە ژینگەی عەرەبی یان ئێرانی یان تورکی دەبێ کاریگەریی هەبێت، چونکە مرۆڤ کاریگەر دەبێت بەو کۆمەڵگایەی تێیدا دەژیت، بەڵام لەبەر ئەوەی بڕوام بەوە هەیە کە هونەر تاکە ناسنامەیەکی هەیە بۆیە من وای نابینم کە کاریگەری کۆمەڵگاکانی دیکە نەرێنی بێت، هەرچەندە من تەحەفوزم لەسەر ئەم فیلمانە هەیە لەرووی ناوەرۆکەوە.

*** دواپین کارە سینەماییەکانت چین؟**

-خۆم ئامادە دەکەم بۆ فیلمێکی دیکیومێنتی لەسەر کارەساتی کۆبانێ و خۆراگریی لەبەردەم قێزەونترین تیرۆر کە جیهان بەخۆیەوە بینیوە ئەو قارەمانیەتی و داستانانەی کە خەڵکەکەی تۆماریان کردووە لە بەرگری کردن لە شارەکەیان، هەروەها دەربارەی ژیانی ئاوارەیی و ئەو سەختییە کە خەڵکەکەی بەخۆیەوە بینیوە.